# پیاوێکی وەنەوشەیی

## گۆنا جاف

تۆ.... وە نەوشەترین پیاو
زەمەنێکە خۆت لە وونبونی
ڕۆژگارێکا خنکاندوە
منیش.........شەوەکانم
لەچرکە ناخۆشەکانی بێ تۆییدا
بەسەر بردووە...
تۆ..وەنەوشەترین پیاو
خۆم بۆشەوێکی تاریک
هەڵگرتوە......ژورەکەم دیسانەوە
بۆنی وەنەوشە بگرێتەوە
تۆ...وەنەوشەترین....پیاو
کەهاتیتەوە
هەمان ویستگە...
هەمان کات...
بەچەپکێ گوڵی سورەوە
دێمە لات
تۆ...ئەی وەنەوشەترین پیاو
لەگەڵ خەیاڵی ونبونی زستان و
لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەمدا
وەك تارمایی دێتە ژورێ
سەبیلەکەی دەکێشێ و
لەشوێنی خۆی دادەنیشێ
تۆ...وەنەوشەترین پیاو
زەمەنێکە خۆت لەونبونی
ڕۆژگارێکدا خنکاندوە
منیش...ڕۆژەکانم
لەچرکە تاڵەکانی بێ تۆییدا
بەرێ کردوە
تۆ...وەنەوشەترین پیاو
شەوانە دەستەمۆی پەنجەکانتم
لەبرچە لولەکەمی بناڵینی

منیش بەبۆنی عەترێکی بۆن خۆش
ژنانە......پڕ لەناز
بەسەر رۆحتا بباریێم
من لە هەناسەی شەوێك دەدوێم
هەناسەکانی تیا دەخنکێن
بەدەم پێکێکی نەخوراوەی شەرابەوە
وەك هەمو شەو...خەوم لێ دەکەوێت
تۆ..ئەی وەنەوشەترین پیاو
کە هاتیتەوە
لە هەمان جێگەی جاران
بە چەپکێ ماچی سورەوە
بەرەو ڕوت دێم
بزەیەك دەتگرێت...وەك یەکەم جار
دەڵیی...ئەمەش منم
هەمان بزە......
لەگەڵ باوەشێکی وەنەوشەیی
پێم دەڵیی...
(کچێ وێنەکانت لە زۆربوندایە
خوا بەخێریان بگێرێت)
منیش بەمەکرێکی ژنانەوە
وەك هەمو جار لەباوەشت دەرازێم *

---

* دەخەوم